# لە پێناو ( بەختیار عەلی ) دا
# باواز لە ( بەختیار عەلی ) بهێنین..

**هێمن مەحمود/دەربەندیخان**
Hemnm1979 @yahoo.com

**من لەنزیکەوە بەختیار عەلی ناناسم ، تەنها لەدوو کۆڕیشیدا تاوەکو ئێستا ئامادەبووم ، بەڵام هەر لەڕۆمانی ( مەرگی تاقانەی دوهەم )ەوە دەیناسم،کەمێك پێشتریش هاوڕێیەکم قەسیدەی ( جەلاد )ی بۆ هێناوم کە لەگۆڤاری سەرابدا بڵاوکرابویەوە، کە ( ئێوارەی پەروانە )شی بڵاوکردەوە بە پارەیەك کە بۆ من زۆربوو لەوکاتدا( چونکە خوێندکالای زانکۆ ) بوم کڕیم، خوێندمەوە و خوێندمەوە وخوێندمەوە، تاوەکو ئێستاش تاقەڕۆمانە دوای( سەدساڵ تەنیایی )مارکیز هەموو ساڵێك بیخوێنمەوە ، عەشقی نوسینەکانی بەختیار خوێندنەوەیان لەدڵدا چاندم ، بەجۆرێك چەند ژمارەیەکی گۆڤاری( ئازادی )یشم دەستکەوت، بەچاپە کرچ وکاڵەکەیانەوە، بەڵام پڕ مانا، دواتریش بومە خوێنەرێکی جیدی ( ڕەهەند )یش، دوای ئەوانیش دیوانە شیعرییەکانی ودواهەمین هەناری دونیاو..هتد.**

**من بەختیار وەهای لێکردم خوێندنەوەم خۆشبوێت، هەروەها دەستیشی گرتم بنوسم،بە عەشقێکی بەختیارانەو نەفەسێکی جیاوازتر و خەیاڵێکی جیاوازترەوە.**

**من ئەگەر قەرزارباری کەسێك بم لەبیرکردنەوەدا، لەنوسینا،قەرزارباری بەختیارم، نوسین و خەیاڵ و دیدگاکانی بەختیار، هەناسە شیعری وڕوئیا قوڵەکانی بەختیار.**

**نەك هەرمن بەڵکو دڵنیام لەوەی نەوەیەك خوێنەر هەیە حاڵی حازر بەختیار دروستیکردون، نوسینەکانی، شیعرەکانی، ڕۆمانەکانی بەختیار بەرهەمی هێناون، گۆڤاری( ڕەهەند ) ئاسۆکانی بیرکردنەوەی بۆ فراوانترکردون و پێی وتون بەرلەوەی بنوسن دەبێت بیربکەنەوە.**

**بەختیار و نەوەی بەختیار( ئەگەر ئەم دەربڕینە ڕاست بێت )هەرچەندە باوك وکوڕیش بن بەلام لەیەك جیاوازن، خەیاڵەکانیشیان جیاوازە،نەوەی ڕاستەقینەی بەختیار ئەو نەوەیەیە کە شوێن پێی بەختیار هەڵناگرێت، کەهەمان قسەکانی ئەو دوبارەناکاتەوە، هەمان ڕۆمان یان شیعر ئەوی نانوسێت،نەوەی بەختیار نەوەیەکی لاسایکەرەوە نیە،بەڵکو نەوەیەکی داهێنەرانەیە، نەوەیەکە دەبینێت و کوێر نیە،ودەیەوێت بەچاوی جیاوازی خۆی لە دونیا و لەجیاوازییەکانی بڕوانێت.**

**بەختیار بۆ ئەوە نانوسێت تا مەعشەرێك خوێنەر و نوسەری کوێر دروست بکات و کوێرانە وەداوی بکەون و ئەو چی وت دوبارەی بکەنەوە، بەختیار کە دەنوسێت بۆ ئەوەیە پێمان بڵێت ئێوە کە بیردەکەنەوە بە خەیاڵی خۆتان بیربکەنەوە کە قسەش دەکەن بەزمانی جیاوازی خۆتان قسەبکەن ، کە دەشنوسن بە قەڵەمی خۆتان بنوسن.**

**ئەو پێمان دەڵێت حەقیقەقەت بەتەنها لای من نیە ، وەکچۆن لەلای کەسیشتان نیە بەتەنها ، بەڵکو حەقیەقەت هی هەموانە و دەبێت بۆ هەموان بێت.**

**بەختیار لەنزیکەوە من ناناسێت ،منیش نایناسم ، بەڵام خۆشەویستی نوسینەکانی بۆ من کافیە،مەرجیش نیە بەتەنها بۆ ئەوە پێت بڵێن داهێنەر بەختیار بناسیت یان لەسەر نوسینێکی شتێ بنوسی وەك هەندێ وەها گومانی دەبەن.**

ئەوەی وەهاشی لێکردم ئەم وتارە کورتە بنوسم ئەوەیە دیاردەیەك سەری هەڵداوە هێندەی دەیەوێت بەختیار ڕەمزیانە بکوژێت هێندە نایەوێت کونجە شاراوە و داهێنانە فیکرییەکانی ئەم نوسەرەمان پیشانبدات.

ماوەیەکە پەتای بەختیار هەموو شوێنێکی گرتوە،ئەوەی یەکە مجارێتی وتار دەنوسێت لەسەر بەختیار دەینوسیٚ، یەکەم شیعریەتی کەچی بەختیاریانە دەینوسیٚ، تازە لەڕۆژنامەیەکدا ئیش دەکات دەیەوێت یەکەمین چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەختیاردابیٚ.

کارەساتەکە لەوێدایە هەموو ئەوانە دووتار و ڕۆمان و شیعرێکی ئەم نوسەرەیان نەخوێندۆتەوە ، بەبیرکردنەوەکانی شارەزانین، هەڵوێستێکی ڕوونی لەبارەوە نازانن ، تەنها بیستویانە کە بەختیارت دۆزییەوە وکردتە مانشێت ، ئیدی ئەوە تۆ کەسێکی عەبقەری وداهێنەریت.

چاکترین نمونەش من پێم سەیرە ڕۆمانە تازە قەبارە گەورەکەی بەختیار( شاری مۆسیقارە سپیەکان ) هێشتا بەتەواوەتی لەبازاردا دابەشنەکراوە کەچی چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئینشا ئامێزی لەبارەوە کراوە، ئیدی بیٚ حیسابکردن بۆ ئەوەی چ زوو توانرا ئەو ڕۆمانە گەورەیە بخوێنرێتەوە وبەو ماوە کەمە ئەو لێکۆڵینەوانە(کە بیٚ گومان هیچیان تیادا نیە ) ئامادەبکرێت، چونکە دواجار لێکۆڵینەوەی جیدی پێویستی بەبیرکردنەوەیەکی جیدی و کاتێکی زیاتر و خەیاڵێکی فراوانتر هەیە.

کارەساتەکە لەوێدایە لەبری ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوانە ڕەخنەیەکی واقیعی و بنیات نەرانەبن کەچی لەستایشێکی کوێرانە زیاتر نین، لەبری ئەوەی ئەوە قسانەمان پیٚ بڵێن کە بەختیار نەیویستوە تیایاندا بیڵێت وبۆ ڕەخنەگرانی جێهێشتوە بیڵێن کەچی هاتون قسەگەلێکمان بۆدەکەن هیچ خەیاڵێکی بەختیاری تیادا نیە ،هیچ خەونێکی بەختیاری تیادا نیە.

ئەم پەتایە گەشتۆتە حاڵێك کە بەم دواییە نوسینێکم خوێندەوە لەبری ئەوەی باس لە کۆڕێکی بەختیاربکات باس لەوەدەکات چۆن بەختیار دەدەقەی پشوی خۆی لە کۆڕەکەدا بەسەر بردوە.

من دڵنیام بەختیار( گەر بەنوسینەکانیا بێت ) دژی هەموو پێداهەڵگوتن و ستایشکردن و خراپ بەکارهێنانی ناو ونوسین و بیرکردنەوەکانێتی، وەك چۆن دژی هەموو داڕشتنێکیشە لەسەر نوسینەکانی( بە تاییەت ڕۆمانەکانی ).

حەزیشم وایە ئەو برایانەی کە پێشبڕکیٚ یانە لەسەر کتێبێکی بەختیار بنوسن پەلەنەکەن چونکە ئەو کتێبانە هی ساڵ ودوان نین ، بەڵکو کتێبی عومرن.

خودی خۆم بەئاواتەوەم ڕۆژێك لەڕۆژان زاتی ئەوەبکەم لەسەر ڕۆمانێکی بەختیار (بەتاییەت ئێوارەی پەروانە )لێکۆڵینەوەیەك بنوسم ، بەڵام لە ڕاستیدا کە نەتوانم هەقی خۆی بدەمیٚ ناوێرم ، جابۆیە باتاکاتی خۆی لە پێناوی بەختیار عەلی دا واز لەبەختیار عەلی بهێنین.